# مەسیح چیتر کوڕی خودا نییە

## جەلال بەرزنجی

ڕۆمانی (کۆدی دافنشی)لە نووسینی (دۆن براون) پڕفرۆشترین کتێبی ئەم دوو سێ ساڵەبوو (60)ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا, دۆن براون زۆر زیرەك بوو لە هەڵبژاردنی ناونیشانی ڕۆمانەكەی, خوێنەر بە خوێندنەوەی وشەی (كۆد) هەست دەكات ڕۆمان نووس دەیەوێ گرێیە ك بكاتەوە كە كۆدەكەش هی دافنشی بێت كە (فرۆیدیش) نە ی توانیوە بەم بلیمەتیەی خۆی بە تەواوی بیكاتەوە ,ناونیشانی ڕۆمانەكە خوێنەرێكی زۆری بۆ خۆی ڕاكێشاوە ,دوایش كە لە ڕۆمانەكە دێتە ژوورەوە هەست دەكەیت لە پیرۆز ترین بڕوای ئاینی مەسیحییەتی داوە , بەوەی كە ئاشكرای دەكات ( مەسیح چیتركوڕی خودانی یە) و (مێری ماگدلین) ژنێكی (سۆزان)بیە ,بە وەیش هەوڵ دەدات ئاینی مەسیحی لە پیرۆزترین و حەساس ترین بەهای مێژووی بەتاڵ كات .

دوای چاوەڕوانییەكی زۆر لە دەرهێنانی (ڕون هاواد) ونواندنی ئەكتەری بەناو بانگی جیهانی(تۆم هانكس) كۆدی داڤنشی بو بە فلیم و ڕۆژی 2006/5/19 لە سەر شاشەی زۆربەی سینەماكان لە دنیادا پیشان درا پێشتریش لە ڤیستڤاڵی (كان)ی سینەمایی ئەمساڵ پیشان درابوو, منیش بۆخۆم یەكێك بووم لە چاوەڕوانی كەرانی ئەم فلیمەلە كەنەدا ئەم چاوەڕوانییە م چاوەڕوانی و پەرۆشی ڕۆژانی جەژنی سەردەمی هەرزەكاریمی وەبیر هێنامەوە كەوا چاوەڕوان بووم ڕۆژانی جەژن دابێن بچمە سینەماو فلیمی(هەقەل) و(تەرەزان)و(شامی كابوور)ببینم .

ڕۆژی5/19 ڕۆژانی دوایی بینەرێكی یەك جار زۆر ڕویان كردە هۆڵی سینەماكان ,تا ڕۆژی 22 ئەم مانگە 232 ملیون بلیت لە ئەمریكاو كەنەدا فرۆشرابوو, هەر نیو سەعات جارێك لە سەر لە سەر شاشەی سینەماكان فلیمەكە پیشان دەدرداو خەڵكێی زۆر چاوەڕانی چوونە ژوورەوە بوون

ڕەنگە (هاوارد) دەرهێنەری فلیمەكە لای هەندێك بینەر تێبینی و گلەیی لە سەر هەبوو بێت , چونكە وەك ڕاگەێنراوە ڕۆمانەكەی 60 ملیون كۆپی لێ فرۆشراوە , واتە هەر یەك كە ئەم ڕۆمانەی خوێندۆتەوە , دنیایەكی تایبەت بە تێگەیشتنی لا دروست بووە كامیرا و سیناریۆ نووس و دەرهێنەرو ئەكتەری جیاوازی لە زەین دا بووە , ڕەنگە لە هەندێ وردەكاری هونەری لە گەڵ كارەكەی (هاوارد) جیاواز بن , زائیدەن ئەوەی هەنك ڕۆمان هەن بۆ خوێندنەوە خۆشترن و هەندێك ڕۆمانیش هەن كە دەبنە فلیم خۆشتر دەبن .بۆیەش پێ دە چوو فلیمی(كۆدی داڤنشی)هەندێ لە بینەرانی تووشی ڕای جیاواز كرد بێت ! .